لە خولی باسکەی نایاب

یانەی ئەکاد بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان

لە ٦-٨/٨/٢٠٠٩لە هۆڵی یانەی ئەکادی عەنکاوە لەشاری هەولێر یارییەکانی قۆناغی دووەم و کۆتایی چوارگوشەی زێرینی خولی نایابی باسکەی کچانی کوردستان ئەنجامدران تیایدا یانەی وەرزشی ئەکاد پلەی یەکەمی بەدەستهێنا ، دوای ئەوەی توانی سێ بردنەوەی لەسەریەک دەستەبەر بکات و یانەی وەرزشی سەنحاریبیش پلەی دووەمی بەرکەوت وهەریەک لەیانەکانی سلێمانی و گارە پلەی سێیەم و چوارەمیان بەرکەوت، هەر دوای تەواوبوونی پاڵەوانێتییەکە چەند دیدارێکمان ئەنجامدا سەرەتا بەڕێز (عەبدولعەزیز جەوهەر) سەرپەرشتیاری پاڵەوانێتییەکە سەبارەت بەپاڵەوانییەکە گووتی:

ئێمە لە(٢٠/٧/٢٠٠٩) قۆناغی یەکەمان رواندکەتیایدا (٧)یانە بەشداریان کردبوو بڕیاریشماندا خولەکەبەدوو قوناغ بەڕێوەی ببەین کەئەویش یەکەم ودووەم وسێیەم وچوارەم بوو بۆ قۆناغی سەرکەوتن و چوارگوشەی زێرین

هەرسەبارەت بەرێکخستنی خولەکە گوتی:- پاڵەوانێتیەکە بەشێوەیەکی رێک وپێک بەرێوەچوو سەرەرای ئەمەش ناوبژیوانانی پاڵەوانێتییەکەش هەر هەموویان لە ئاستێکی بەرزدابوون کەتایاری کۆتایی هیچ کێشەوگرفتێک رووی نەداکەباسی لێوەبکرێ، سەبارەت بەجیاوازی پاڵەوانێتی ئەم ساڵ وپارساڵ گوتی:-ئەمساڵ دەتوانم بڵێیم ئاستی یانەکان بەبەراودلەگەڵ پارساڵ جیاوازییەکی زۆری هەبوو ئەوەیش بەهۆی ئاست بەرزی یانەکان وتاکۆتایی پاڵەوانێتیەکە لەململانێی تەواوبوون دواجار(عەبدولعەزیز)گوتی: لێرەدا پێویستە سوپاسی یانەی وەرزشی ئەکادبکەین کەهاوکارمان بوو بەهۆی دابینکردنی هۆڵ بوئەنجامدانی پاڵەوانێتیەکە.

خاتوورەنا (عەبدولئەحەد)یاریزانی یانەی ئەکادسەبارەت بەدەست هێنانی پلەی یەکەم لەپاڵەوانێتیەکەگوتی :لەراستیدا ئێمە ئەمساڵ خۆمان بەشێوەیەکی رێکوپێک ئامادەکردبو وبۆ ئەم پاڵەوانێتیە هەربۆیەش زۆر متمانەم بەخۆمان هەبوو کەلەناوجەماوەری خۆمان پلەی یەکەم بەدەست بێنین. گوتیشی ئەوەی سەرنجی منی راکێشالەم پاڵەوانێتیەدا زۆری ئامادەبوونی جەماوەرە لەسەرەتای دەستپێکرنی پاڵەوانێتیەکە تایاری کۆتایی.

خاتوو(نەداگورگیس) پاڵەوانی یاری باسکەی یانەی ئەکادسەبارەت بەم ئەنجامەی کەبەدەستیان هێناوە گوتی :-ئەم ئەنجامەی کەئێمە بەدەستمان هێنا هەمووی بەهەوڵ وکۆششی یاریزانان دەزانم چونکە بەرلەدەست پێکردنی پاڵەوانێتیەکە ئێمە رۆژانەمەشقێکی چڕوپڕمان دەکردکەویستمان ئەم هەڵە لەدەستی خۆمانی نەدەین بەتایبەتی پاڵەوانێتیەکە لەناوهۆڵ وجەماوەری خۆمان بووهەر ئەوەش بوومانەوبوون وبەڵێنی یاریزانانی خۆمان وایکردکەبەگەینە ئەوئەنجامە.

(ئیفون داود) یاریزانی باسکەی سەنحاریب سەبارەت بەبەدەست هێنانی پلەی دووەم لەم پاڵەوانێتیە گوتی:-بەدەستهێنانی پلەی دووەم شتێکی ئاساییە، چونکە لەهەموویاریەکی کۆتایدا دەبێ یەک بدۆڕێ ویەک بباتەوە، بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو یاریزانەکانمان لەکاتی یاریکردندابەخاڵێکی زۆر لەپێشدابووین کەچی هەندێک هەڵەی هونەری یاریزانەکانمان وای کردکە ئەم نازناوە لەدەست خۆمان بدەین

دواجار خاتوو(ئیفون) سەبارەت بەئاستی پاڵەوانێتیەکە گوتی :پاڵەوانێتیەکە تارادەیەک سەرکەوتووبوو جگە لەمەش کاتی یاریکردنەکانمان کاتێکی گونجاو ولەباربوو کەیارییەکان بەکاتی ئێوارە ئەنجام دەدران.

کۆنفرانسی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان

بەچاودێری بەڕێز مەلا بەختیار سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان یەکەم کۆنفرانسی خۆی لە شاری هەولێر بەست. لەژمارەی دادێ راپۆرتێکی تێرو تەسەل لەسەر ئەو کۆنفرانسە بخوێنەوە.

ئەحمەد عەلی پارێزەری تۆڕی یانەی هەولێر:

گەشبینم بەبردنەوەمان لەیانەی کوەیتی کوەیتی

هەروەکو باوە کە دەڵێن گۆڵچی نیوەی تیپە، بەڵام ئەحمەد عەلی پارێزەری تۆڕی یانەی هەولێر سەلماندی کە خۆی بەتەنها تیپێکی تەواوە لە یاری کۆتایی خولی نایابی ئێراق کە چوار لێدانی سزای یانەی نەجەفی گەڕاندەوە و توانی جامەکە بۆ جاری سێیەم بۆ یانەی هەولێر دەستەبەر بکات و ببێتە جێگەی رەزامەندی و ستایشی سەرۆکی هەرێم بەڕێز مسعود بارزانی کە تەماشای یارییەکەی کردبوو تا کۆتایی، بەم بۆ نەوەو بەبۆنەی نوێکردنەوەی گرێبەستەی لەگەڵ یانەی هەولێر بەچاکمان زانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ساز بکەین.

*** دەتوانین بزانین ئەحمەد عەلی بۆ یەکەم جار چۆن سەری هەڵداو ناسرا لە ناو جەماوەری وەرزشدۆست و راگەیاندنەکان؟**

– لە جامی لاوانی ئاسیا لە یاری کۆتایی کە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێران یاریمان کرد لە لێدانی سزا دوا گۆڵم تۆمار کرد و توانیمان بگەینە جامی جیهانی لە ئەرجەنتین کە یاری زۆر جوانمان پیشاندا و ئەنجامی باشمان بەدەست هێناو پاشان خەڵک ناسیمی و ناوبانگم دەرکرد.

*** پاش پێشکەشکردنی ئەم ئاستە بەرزە لە خولی نایاب بەتایبەتی یاری کۆتایی هیواو ئامانجت چییە لە داوڕۆژ؟**

– هیوادارم بگەڕێمەوە شوێنی خۆم لە هەڵبژاردەی ئێراق و هەروەها گەشبینم بە بردنەوەمان لە یانەی کوەیتی کوەیتی و چوونمان بۆ خولێکی دیکە لە پاڵەوانیەتی جامی ئاسیا و بەدەستهێنانی جامەکە بۆ یەکەم جار بۆ یانەیەکی کوردستان کە یانەکەمان چی کەمتر نییە لە یانە بەهێزەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیاوی، پەنا بەخوای گەورە و بەپاڵپشتی دەستەی کارگێڕی و جەماوەری یانەکەو لێپرسراوانی کوردستان بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم بەڕێز مسعود بارزانی کە بەدواداچوونی یانەکەمان دەکات و هەموو پێداویستییەکانی بۆمان دابین کردووەو ئەم هەڵوێستەی جێگەی رێزو سوپاسی گەورەیە و قەد رۆڵی لەبیرناکرێت لە هاندانی وەرزش و وەرزشوانان لە کوردستان و ئێراق.

*** بەرزبوونەوەی ئاستی هونەریت بۆچی دەگەڕێنییەوە؟**

– دەیگەڕێنمەوە بۆ یەزدانی گەورەو راهێنەری گۆڵچییەکان کاپتن عیماد هاشم کە زۆر لەگەڵم ماندووەو بڕواو متمانەی بەهێزکردم پاش دوورکەوتنەوەم لە هەڵبژاردەی ئێراق و هەروەها کاپتن سائیر ئەحمەد نابێ لەبیر بکەین کە خاوەن بیروهزرێکی مۆدێرنە لە جیهانی مەشقی تۆپی پێ و نەخشەدانانی یارییەکان و دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر یاریزانەکان زۆر بەپوختی بیرێکی دوورو قوڵی هەیە.

*** رات چییە بەرامبەر گۆڵچی محەمەد گاسد و یاریکردنی بۆ هەڵبژاردەی ئێراق؟**

– محەمەد گاسد گۆڵچییەکی گەنجەو ئاستێکی باشی پێشکەشکرد لە پاڵەوانییەتی جامی کیشوەرەکان و بووە جێگای سەرنجی ئامرازەکانی راگەیاندن و چاوەڕوانی دواڕۆژێکی گەشی لێدەکەم و بەڕای من ماوەیەکی باش لە هەڵبژاردەی ئێراق دەمێنێتەوە بە پێچەوانەی نور سەبری کە زۆر لەخۆی بایی ببوو، سەرەڕای گەورەی کە دەوری کاریگەری هەبوو لە بەدەستهێنانی جامی ئاسیا و هیوادارم بە خۆی دابچێتەوەو خۆی راست بکاتەوە لەگەڵ یانەی جەویەو بگەڕێتەوە ئاستی خۆی و واز لەبیری شوفێنی بێنی

*** دوا وتەت چییە؟**

– زۆر رێزو سوپاس گوزاری خۆم ئاراستەی راگەیاندنەکان و جەماوەری یانەی هەولێر و دەستەی کارگێڕی و لێپرسراوانی وەرزش و کارگێڕی کوردستان دەکەم کە بەردەوام پاڵپشتمان دەکەن و هانمان دەدەن لەکاتی بردنەوەو دۆڕان.

یانەی هەولێر و دهۆک یاریزانە تازەکانیان پێشکەش بە راگەیاندنەکان دەکەن

یانەی وەرزشی هەولێر لە نێو یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری ئەو ٧ یاریزانەی پێشکەش لە راگەیاندن کرد کە بۆ وەرزی ئەمساڵ بۆندی لەگەڵیاندا مۆر کردووە، هەر لەم بارەیەوە عەبدولخالق مەسعود جێگری سەرۆکی یانەکە لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن ئەوەی خستە بەرچاو کە بۆ ماوەی چەند رۆژێک لەگەڵ سائیر ئەحمەدی راهێنەر دانیشتوون بۆ ئەوەی ئەو یاریزانانە دووربخەنەوە کە یانەکە سوودیان لێ نابینێ، هەروەها بۆندی ئەو ٧ یاریزانەش مۆر بکەم کە ئەمساڵ بۆ یانەی هەولێر یاری دەکەن ئەمانیش بریتی بوون لە کەرار تارق و ئەحمەد ئیبراهیم لە یانەی سەلاحەدین، نەبیل عەباس و سەهل نەعیم و حوسێن کەریم لە یانەی نەجەف، عسام یاسین لە یانەی ئەمانە، هەڵگورد مەلا محەمەد لە یانەی سلێمانی، جێی ئاماژە بۆ کردنیشە بۆ وەرزی ئەمساڵ هەردوو یاریزان مەهدی کەریم و سەعد حوسێن بۆ یانەی هەولێر یاری دەکەن، ئەمەشیان شێوازی شارستانی و مۆدێرنە کە لە بواری وەرزشی کوردستان پیادە دەکرێت و سەرنجی هەموو لایەک بەلای خۆیدا رادەکێشێت.

لەلایەکی دیکەوە ئێوارەی رۆژی (٨/١٠) یانەی وەرزشی دهۆک لە رێوڕەسمێکی پڕ لە شکۆدا یاریزانەکانی خۆی پێشکەش بە راگەیاندنەکان کرد،کە پێک هاتبوون لە (سجاد حوسێن ٥٠ ملیۆن دینار و سالار عەبدولجەبار٦٥ملیۆن دینار وعەدنان عەتیە٥٥ملیۆن دینار و حەسەن محەمەد زەنون٤٥ملیۆن دینار و عەلی یوسف٤٥ملیۆن دینار و قەیس تارق٤٠ ملیۆن دینار .

جێی باسە ئەو بۆندە بۆ ماوەی دوو وەرزە و هەر یەک لە یاریزانان مووچەی مانگانەیان ٨٠٠ هەزار دینارە.

ئا: فەرهاد قادر

پێنج شەممەی دادێ لە بەغدا.. هەڵبژاردنی یەکێتی تۆپی پێی عێراق ئەنجام دەدرێت

رۆژی (٢٠)ی ئەو مانگە بڕیارە هەڵبژاردنی یەکێتی تۆپی پێی ناوەندی عێراق ئەنجام بدرێت، لەمبارەیەوە د. عەلی دەباغ گوتەبێژی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ ئەو هەڵبژاردنە لە شاری بەغدا بەڕێوە بچێت، چونکە چەند رۆژێک لەمەوبەر دەنگۆی ئەوە لە ئارادا بوو کە ئەو هەڵبژاردنە لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بە حوسێن سەعیدی سەرۆکی ئێستای یەکێتی تۆپی پێی عێراقی فیدراڵ کە ئێستا لە عەمان ژیان بەسەر دەبات مەرجی ئەوەیان لەسەر داناوە، کە دەبێ سەرۆکی داهاتووی یەکێتییەکە دانیشتووی عێراق بێت، دیارە ئەویش هەر دوای فراندنی ئەحمەد حەجییەی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق، عێراقی جێهێشت و لە دەرەوە ژیان بەسەر دەبات، بۆیە ئەگەر ئەمجارەشیان خۆی کاندید بکات دەبێ بێتەوە عێراق.

کاندیدێکی دیکەی ئەو پۆستە ئەحمەد رازییە کە ئەویش یەکێک بووە لە یاریزانە دێرینەکانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق، بەڵام بۆ ئەویش ئاستەنگێک هاتۆتە پێشەوە ئەویش ئەحمەد رازی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بۆ کاروباری وەرزش، ئەو پۆستەش رێگای پێ نادات کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کاندید بکات، چونکە لە دەستووری عێراقدا هاتووە ئەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بێت بۆی نییە هیچ کارێکی دیکە بگرێتە ئەستۆ، ئەگەر هاتوو رازی خۆی بۆ ئەو پۆستە پاڵاوت و لە هەڵبژاردنەکە سەرکەوتنی بە دەستهێنا، ئەوا دەبێ دەست لە پۆستی ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبگرێت، بۆیە ئەمیان سەر پشکە لەوەی لە داهاتوودا کامە پۆست هەڵبدەبژێرێت، جێی ئاماژە بۆکردنە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی فیدراڵ لە رێگای ئەو هەڵبژاردنەوە دەیەوێ یەکێتییەکی کارا پێک بهێنێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرپەرشتی ئیشوکارەکانی وەرزشی تۆپی پێ لە عێراقدا بکات.

ئا: ئیدریس شەریف

سەرەڕای دۆڕاندنەکان لیۆناردۆ گەشبینە

راهێنەری یانەی ئەی سی مـــیـــلانی ئیـتـالی«لیـۆناردۆ» هەست بە رازای ناکات سـەبارەت بەو دۆڕاندنانەی کـە رووبەڕووی یانەکـەیان بۆتەوە لە یارییـەکـانیـان لە چوارچێـوەی ئامـادەکـردنی یانەکـە بۆ وەرزی ئەمسالّ.

میـلان لە یارییەکی ٤٥ خولەکـیدا دۆڕا بەرامـبـەر یانەی ئەنتـەر بە گـۆلێکی بێ بەرامبەر، لە هەمان یارییەکی کورتکراوە بە دوو گۆلّ بەرامبەر یانەی یۆڤنتۆس دۆڕا، لە دە یاری تەنها سەرکەوتنێکی بەدەستهێناوە.

لە چاوپێکەوتنێکی لەگـەلّ رۆژنامـەی «لاگـازیتـا دیلۆسپـۆرت» لیـۆناردۆ گـوتی: دەزانم کە ئەنجامەکان باش نین بەلام من لەو باوەڕەدام کە وەرزی ئەمسالّمان باش دەبێت.

ئا: ئەلەند کاوە

یانەی ئارارات پاڵەوانییەتی کاراتی سنووری پارێزگای هەولێری بەدەستهێنا

بەسەرپەرشتی لیژنەی ئۆلۆمپی پارێزگای هەولێرو بەمەبەستی پتر پێشخستنی یاری کاراتی لە سنووری پارێزگای هەولێرو دەوروبەری، هەینی رابردوو لە هۆڵی زەردی شاری هەولێر کۆتایی بە خولی کاراتی بەچکە شێران و تازە پێگەیشتووان هات کە ٥ یانە بەشداربیان تێدا کردبوو، لە ئەنجامدا یانەی ئارارات بە کۆکردنەوەی ٥٢ خاڵ پلەی یەکەمی بەدەستهێناو یانەی هێرش بە ٢٨ خاڵ دووەم بوو، یانەی پێشمەرگەی هەولێریش بە ٢١ خاڵ سێیەم بوو لە کۆتاییشدا خەلاتی خولەکە دابەشکرا، لە لێدوانێکدا ئەحمەد محەمەد حەسەن سەرۆکی یەکێتی کاراتی هەولێر بە گۆڤارەکەمانی راگەیاند: کە ئەم خولە بۆ زیاتر پەرەدان بەو یارییە ئەنجامدرا بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە یاریزانان بۆ خولەکانی داهاتوو سازو ئامادە بکەین.

فێرکسۆن لە چێڵسی دەترسێت

ئوسکوتلەندی سێرئەلێکس فێرکسۆن راهێنەری یانەی مـانچـسـتـەر یونایتـد پاڵەوانی خولی ئینگلیزی بۆ تۆپی پێ، رایگەیاند کە لە وەرزی ئەمـسـالّ یانەی چێـلّـسی دەبێـتـە رکـابەری یانەکەیان بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکان، نەوەک یانەی لیڤەرپول کە وەک چۆن لە وەرزی رابردوو رویدا.

فێرکسۆن ئاماژەی بەوەدا کە یانەی لیڤەرپول خاوەن هیچ چەکێک نییە لەکاتی ئێستادا کە بتـــوانێت ســـیـناریۆی وەرزی پار دووبارە بکاتەوە.

فـــێـــرکـــســـۆن بۆ هەردوو رۆژنامـــەی «زە گاردیان»و«سان»ی بەریتـانی گوتی: کـارێکی زەحـمـەتە کـە یانەی لیـڤـەرپول بتـوانێت ئەنجامێکی باشتر لە پارسالّ تۆمار بکات.

هەروەها گوتی: تیپەکانی تر هەموو دەزانن کە شـێـوازی یاریکردنی لیـڤـەرپول چۆنە، یانەکـە پشت بە هەریەک لە سـتـیـڤن گیـراردو فـرنادۆ تۆرێس دەبەستێت. وەرزی پار باشترین یارییان ئەنجامدا، بەلام چوار خاڵ لە دوای ئێمە هاتن.

لە بەرامبەردا، راهێنەری«شەیتانە سوورەکان» مـەترسی خـۆی بەرامـبـەر یانەی چێـلّـسی راگەیاندو گوتی: لە وەرزی ئەمـسـالّدا تەنها چێلّسی رکابەری ئێمەیەو راهێنەرەکەیان(کارلۆ ئەنچـیـلۆتی) شـێـوازی یاریکردنی یانەکـە دەگـۆڕێت و بە هەمـان شـێـوەی یانەی ئەی سی مـیـلان یاریدەکەن کـە دووجـار لەگـەلّ یانەکـە نازناوی پاڵەوانێتی ئەوروپایان بەدەسـتـهـێنا.

ئا: سەهەند یاسین